

# تەرازووی جیهانی
# ئاییندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

جەنگیز چاندار

ئەنجامدانی ئەم کۆبوونەوەیەی پلاتفۆرمی ئابانت ـ هەولێر لە کاتێکدایە، کە ناوچەکە بە گشتی و جیهان دوچاری زۆر رووداو گۆڕانکارییە، ئەو گۆڕانکارییانەی کە چارەنووسی هەمووان دەگۆڕێت. لەم باسانەی لێرە پێشکەش دەکرێن، بمانەوێ یان نەمانەوێ باس لە تەرازووی جیهانی، ئاییندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کوردستانی عێراق، تورکیا و عێراق، دەکرێت. ئەم قۆناغە کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە گۆڕەپانی گۆڕانکارییەکان و کۆنفرانسەکەشی تێدا ئەنجام دەدرێت، قۆناغێکە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا شایەتی رەوتی پێشکەوتنەکان دەبین.

ماوەیەک لەمەو بەر قۆناخی بوش دوای هەشت ساڵ سەرۆکایەتیی ئەمریکا کە کاریگەریی لەسەر تەواوی دنیا و بە تایبەتی عێراق هەیە، کۆتایی پێهات و لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکدا، باراک ئۆباما بە سەرۆککۆماری بەهێزترین وڵاتی دنیا هەڵبژێردرا. ئۆباما بەڵێنی ئەوەی داوە کە لە ماوەی ١٦ مانگدا وڵاتەکەی لە عێراق بکشێتەوە. پەیوەندیی ئەمریکا و عێراق کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە تا ٢٠٠٩ بەردەوام بووە، گۆڕانکاری بەسەردا دێت. ئەوەش دەزانین کە سیاسەتی کێشەی ئەفغانستان-ـ پاکستان کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا گرینگییەکی زۆری پێ دەدات، لە کاتی ئۆبامادا بۆ پێناسەیەکی نوێ، واتا ئەفغانستان-ـ پاکستان-ـ هیندوستان دەگۆڕێت. لەگەڵ ئەمەدا، رووداوە خوێناوییەکانی ئەم دواییەی غەززە، پێویستیی چارەکردنێکی خێرای مەسەلەی ئیسرائیل-ـ فەلەستینیان بۆ ئەمریکا خستە روو. ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئاڕاستەی ئاشتیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەوڵەکانی «چارەسەرێکی دوو دەوڵەتیانە» واتا «دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین» روو دەدەن، ئەمەریکایان گەیاندووەتە خاڵێک، کە ناچارە گۆڕانکاریی رادیکالانە لەو سیاسەتانەدا بکات، کە تا ئەمڕۆ پەیڕەوی کردوون. ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی ئیسرائیلیش ئەم راستییە دەردەخەن. هەروەها دوای هەڵبژاردنەکانی ئێران کە مانگی حوزەیران بەڕێوە دەچن، سیاسەتی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کاریگەریی لەسەر سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا دەبێت، دەزانین.

قۆناخی نوێی سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تا رادەیەکی زۆر بە رەوتی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێرانەوە پەیوەستن. ئاشکرایە لەگەڵ هاتنە سەر کاری دەسەڵاتی نوێ لە ئەمریکا، دیالۆگی ئەمریکا و ئێران کە ساڵیانێکی زۆرە باسی لێوە ناکرێت، دەست پێ دەکات. ئەوەی نازانرێت، ئەوەیە کە ئەم دیالۆگە لە چ ئاڕاستەیەکدا دەبێت، بە چ شێوەیەک دەبن و لە لایەن ئێرانەوە چ کەسێک لەگەڵ ئەمریکا دادەنیشێت. واتا، بە

ناو زنجیرەیەک هەڵبژاردندا تێدەپەڕین، کە هاوسەنگیی سیاسیی ناوچەکە دەستنیشان دەکەن و لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شتێکی نوێیە. مانگ و نیوێکی دیکە، هەڵبژاردنە ناوچەییەکانی تورکیا ئەنجام دەدرێن، کە هاوسەنگیی سیاسیی تورکیا جارێکی دیکە پێناس دەکەنەوە. ئەو وڵاتەش کە کۆنفرانسەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، هەفتەی ڕابردوو ئەو هەڵبژاردنانە ئەنجام دران، کە ئەنجامی سەرسوڕهێنەریان لێ کەوتەوە. هەڵبژاردنەکان، لە کۆی ١٨ پارێزگاکەی عێراق، لە ١٤ پارێزگادا ئەنجام دران. سێ پارێزگاکەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کەرکووک لە دەرەوەی ئەو هەڵبژاردنانە مانەوە. مانگی مەی ئەمساڵ لەو سێ پارێزگایەی هەرێمی کوردستاندا هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت، بەڵام کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی کەرکووک دیار نییە.

تا ماوەیەک بەر لە ئێستاش چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوازی بەدەر لە هەڵبژاردن دیاری دەکرا. هێشتا ئەگەری ئەوە هەیە توندوتیژی لەو ناوچەیەدا سەر هەڵبدات و شەڕ، شەڕی ناوخۆ، کودەتای سەربازی و هێرشی خوێناوی و هێشتا وزەی متی خۆیان پاراستووە. لەگەڵ ئەمەشدا، هەڵبژاردنەکان کاریگەری خۆیان هەیە کە جێگەی گرینگی پێدانە. ئەوانە تەنانەت ئەگەر گەنگەشەی گەورەش دروست بکەن و ببنە هۆی دروستبوونی ناڕەزایەتیش و بەتایبەت شەڕی عێراق و ئەو کەموکوڕییانەی دواى لەناوچوونی ڕژێمی سەددام هاتنە ئاراوە، هەر دەبێ بڵێین ئاماژەیەکی «قۆناغی بەدیموکراسیبوون»ن. لە ڕاستیدا ئەو قسانەی تا ئێستا کردمان، ئاماژەی ئەوەن کە تەواوی ناوچەکە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، عێراق، کوردستانی عێراق، تورکیا و تەنانەت ئێرانیش بە «خاڵی وەرچەرخان»دا تێدەپەڕن کە درێژە، بەئازار و ئەستەمە، لە کوێ و چۆن تەواو دەبێت، هێشتا دیار نییە.

ئەم حاڵەتە مەترسیدارەی ئەمڕۆ لە ناوچەکەدا هەیە، لە مێژووی مۆدێرندا دوو جاری دیکەش هەبووە کە ئەمە سێیەمینیەتی. یەکەمینی کە سەرچاوەی هەموو کێشەکانە، ئەو قۆناغەیە کە ئەو نەخشەیەی هێشتا هەیە، کێشرا. قۆناغی دوای ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، واتا ١٩١٨ تا ناوەڕاستەکانی ١٩٢٠. لەم قۆناغەدا دەوڵەتی عێراق دروست بوو و کوردەکان پارچە بوون. ئەو پارچەیەی کوردەکان کە بەر عێراق کەوتن، دژی ئەوە دەرکەوتن کە سەر بە بەغدا بن، داوای ئەوەیان کرد کە یان سەر بە تورکیا بن، یان سەربەخۆ. ئەو کوردانەیش کە لە تورکیا مانەوە، ناڕەزایەتیی خۆیان بەرامبەر هەلومەرجی نوێ بە شێوەی جیاواز دەربڕی. یەکەمینیان، سەرهەڵدانی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ بوو. سەرکوتکردنی ئەم سەرهەڵدانە، لەگەڵ ڕێککەوتنی تورکیا و بەریتانیا لەسەر مووسڵ کە بەشێکی دەکەوێتە کوردستانەوە، هاوکات بوو.

ساڵی ١٩٢٥، پەیوەندیی ئەو کوردانەی لە تورکیا و عێراق بوون، پچڕا و سیاسەتی ئینکارکردن لە دژی ئەو کوردانەی لە تورکیا مانەوە، دەستی پێ کرد. ساڵی ١٩٢٦ بە ڕێککەوتنێکی تورکیا، عێراق و بەریتانیا، سنووری

ئێستای نێوان تورکیا و عێراق (بە رەزامەندیی حکوومەتەکانی ئانکارا و بەغدا) بە فەرمی ناسێنرا. دوای جەنگی یەکەم جیهانیی، ئەوەندەی ئازارەکانی لەدایکبوونی کێشەی فەلەستین، کاتی دەستپێکردنی کێشەکانی کورد لە تورکیا و عێراق بوو. دووەمین رووداوی گەورەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دووبارە لە ئەنجامی شەڕێکی جیهانیدا، واتە دوای جەنگی دووەمی جیهانی بوو. ساڵی ١٩٤٨ دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا. لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ، شەڕی نێوان دەوڵەتەکان، شەڕی ناوخۆیی، کودەتای سەربازی، دەستتێوەردانی دەرەکی و دەستڕۆوییشتوویی هێزە دەرەکییەکان هیچ کەمی نەکردووە، رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردووەتە ناوچەی هەرە ئاڵۆز و پڕکێشە. سێیەمین رووداویش کە تا ئێستا بەردەوامە، بەرهەمی کۆتاییهاتنی شەڕی ساردە. گەورەترین کاریگەریی کۆتاییهاتنی ئەو شەڕە بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەدا، جەنگی ٢٠٠٣ی عێراقە. ئەوەش لەسەر عەرەبەکان و بەتایبەت لەسەر عەرەبە سوننەکان رەنگ دەداتەوە. دەسەڵاتی عەرەبی سوننە کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە نزیکەی ٩٠ ساڵ بەسەر عێراقدا هەیانبوو، لەناو چوو. لەگەڵ رووخانی رژێمی سەددام حوسێن، دەسەڵاتی عەرەبە سوننەکان بەسەر عێراقدا نەما.

وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، ئەوە زیاتر لە روانگەی دنیای عەرەبییەوە کارەساتێکی گەورە پێک دەهێنێت. ناوەندی هێزی عەرەبی سوننە کە زیاتر لە میسر و عەرەبستانی سعودیەیە، بە لەدەستدانی دەسەڵاتی سوننەکانی عێراق و گوشارەکانی ئیسرائیل بۆ سەر فەلەستین، دەسەڵات و ئیعتبارێکی زۆر لە دەست دا، کە بووە هۆی زیادبوونی دەستڕۆییشتوویی ئێران، بەهێزبوونی شیعەکانی عێراق، زیادبوونی کاریگەریی حزبوڵڵای شیعە لە لوبنان و بەهێزبوونی حەماس بەسەر بزووتنەوەی فەتحدا، ئەویش بە یارمەتی ئێران و سووریا. شەڕی عێراق، لە ناوچەکەدا وەک شەڕی شیعە و سوننە دەرکەوت. ئەوە ئەگەر بە «گەندەڵی»ش لێک بدرێتەوە، دیسان راستی ناگۆڕێت. داهاتووی ناوچەکە بە گشتی و عێراق بە تایبەتی، پەیوەندی بەوە هەیە کە ئەو شەڕە تا چ رادەیەک قووڵ دەبێتەوە یان دەوەستێت. ئەو هەموو خوێنەی لە عێراقدا رژاوە، نەک گوللەی هێزە ئەمریکییەکان، بەڵکوو بەرهەمی شەڕی ناوخۆی عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەو رەوشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە پێدا تێپەڕ دەبین هەر چۆنێک بێت، لە روانگەی کوردەکانی عێراق و تورکیاوە ئەنجامی جیاوازی هەیە. سەرەتا لە روانگەی کوردەکانی عێراقەوە نەک هەر کارەسات نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەربڕی «ئازادی»یە، بە دەرچوون لە ژێر دەسەڵاتی سەرکوتکەری رەگەزپەرستی عەرەب، لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا و حکوومەتێکی هەرێمیی نزیک لە سەربەخۆیی دامەزراوە.

دەبێ سەرنج بدەینە پارامیترێکی گرینگی ئەم خاڵی وەرچەرخانە، کە پەیوەندی بە تورکیاوە هەیە. کوردەکانی عێراق کە دوای جەنگی یەکەمە جیهانی کۆت و بەندەکانیان شکاند، لەگەڵ تورکیا قۆناخێکی نوێیان دەست پێکرد

که بوو به داینامۆیەکی مێژوویی کە پێشی پێ ناگیرێت. وەک دەزانین، تاکە سنووری ئارامی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، ئەو سنوورەیە کە لە پەیماننامەی ساڵی ١٦٣٩ی قەسری شیرین و بەسەر عێراقی ئەمڕۆ لەگەڵ ئێراندا کێشرا. ئەم سنوورە، تا ئەمڕۆش سەرەڕای دەستتێوەردانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، پاشایەتیی ئێران و هێزە ڕۆژئاواییەکان، وەک خۆی ماوەتەوە. ئەو سنوورە، نە هێڵی جیاکردنەوەی ئەتنیکی بوو نە هێڵی جیاکردنەوەی دینی. لە دوو لای سنوورەکە، کورد و شیعە دەژین. سنووری ١٦٣٩، وەک سنووری جیاکردنەوەی دنیای عەرەبی سوننە و شیعە بوو. لەبەر ئەوەی بە لەناوچوونی ناسنامەی عەرەبی سوننەی عێراق ئەو سنوورەش لەناو چووە، سنووری نێوان عێراق و تورکیا کە مێژوویەکی کەمتریشی هەیە، ماناکەی لەدەست داوە.

پەیوەندیی کوردەکانی تورکیا و عێراق، لە ساڵی ٢٠٠٣وە بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە؛ سنووری پەیوەندییەکانی تورکیا و کوردستانی عێراقیش بێواتا دەبێت و دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز کە بە مێژوو پشتئەستوورە، نابێ فەرامۆش بکرێت. ئەگەر ئیدارەی ئۆباما هێزەکانی لە عێراق بکێشێتەوە، تورکیا و کوردستانی عێراق ناچار دەبن پەیوەندیی هاوبەش دروست بکەن. بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، سێ ناوەندی ڕاکێشان لە لایەن پێکهاتەکانی عێراقەوە دروست دەبێت. ئێران شیعەکان بەرەو خۆی ڕادەکێشێت، عەرەبە سوننەکان، وەک پارچەیەک لە دنیای عەرەب لە لایەن ئەوانەوە ڕادەکێشرێن و کوردەکانیش لە لایەن تورکیاوە کە ئەمە زۆریش ئاساییە.

پاراستنی سنوورەکانی عێراقێکی وەها، تەنیا لە ڕێگەی پێکهاتە فیدرالییەکەیەوە ئیمکانی هەیە. ئەمەش مەشروعییەت بە دامەزراندنی پەیوەندیی تایبەتیی تورکیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەدات. پتەوبوونی پەیوەندیی ئەو دوو جوگرافیایە، دەوڵەمەندیی خاکی کوردستان بە نەوت کە باشترین ڕێگە بۆ ناردنی ئەو سامانەی بازارەکانی جیهان، تورکیایە کە سەرەداوی ڕەوشی داهاتوومان پێ نیشان دەدەن. لەبەر ئەمەش دەتوانم بڵێم، نووسینێکی دوو ساڵ لەمەوبەرم وەڕاست گەڕا و لە داهاتووشدا زیاتر وەڕاست دەگەڕێت. ئەمەش سەردێڕی نووسینەکەم لە ڕێکەوتی ١٩ی ئاداری ٢٠٠٧دا «نەک سوپای تورکیا و باکووری عێراق، کۆمپانیای میللی نەوتی تورکیا و کوردستانی عێراق».

ئێستا ١٦ شوباتی ٢٠٠٩یە و لە هەولێرین. کۆمپانیای میللی نەوت و سوپای تورکیاش نین. ڕۆشنبیرە تورک و کوردەکانی تورکیا و عێراق، عەقڵیان لەسەر یەک داناوە و لە هەولێرین. بوونمان لێرە، وێنایەکی داهاتوویە.